## پرۆفیسۆر چەیم کۆڤمان تایبەت بۆ گولان:

# سیاسەتی ئەمەریکا و گەرەنتی پاراستنی کوردستان



**بەشی دووەم**

### سیاسەتی ئەمەریکا دوای شەڕی عێراق

لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا کە پرۆفیسۆر چەیم کۆڤمان تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی و لە ژمارە ٦١٤ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١١ بڵاوکرابۆوە، باسی لە بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق و چۆنییەتی ڕێکخستنەوەی سیاسەتی ئەمەریکای بۆ تەنگژەی عێراق خستبووە ڕوو، لەم بەشەشدا کە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی ٢٠٠٦/١٢ تایبەت بۆ گولانی ناردووە، لە سیاسەتی ئەمەریکای بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، ورووژاندووە، ئەمەش دەقی بەشی دووەمی وتارەکەی کۆڤمانە، دەقە ئینگلیزیەکەش لە سایتی گولان بڵاوکراوەتەوە.

### سەرچاوەی هەڕەشەکان

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کورد گەورەترین نەتەوەی ئەم جیهانەیە کە دەوڵەتی نییە، هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت کە کوردەکانی عێراق سەرەڕوەریی و سەربەخۆییان لە خۆبەڕێوەبردنێکی هەرێمییان لەگەڵ عێراقدا لاپەسەندترە. هەروەها زۆربەی "ئەگەر لە زۆربەش زیاتر نەبێت" کوردەکانی تورکیا و ئێران و سوریا دەخوازن ئەگەر بۆیان بکرێت بە هەمان شێوە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبردن یان سەربەخۆیان هەبێت.

بەڵام زۆربەی چاودێرانیش لەسەر ئەو ڕایە هاوکۆکن کە هیچ کام لەمانە لە بارودۆخی ئێستادا مومکین نین. لەبەر ئەوەی ئەگەر کورد بە ڕەسمی بڕیاری سەربەخۆی بدات، ئەوا گەرەنتی پاراستنی ئەمەریکا بۆ کوردستانی عێراق کۆتایی دێت.

لە هەمانکاتدا هیچ کام لە تورکیا و سوریا و ئێرانیش ئامادە نین، مافێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی خۆیان بسەلمێنن، ئەگەر هێزێکی گەورەی دەرەکی هاوکارییەکی ڕاستەقینەی کوردەکان نەکات.

هەربۆیە مەسەلەی گەوهەری بۆ ئایندەی ئاسایشی کوردستان بەوجۆرەیە کە هەرێمێک چوار پارێزگاری بێت لەگەڵ عێراقدا "کەرکووکیش" لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەدا بێت، ئەمەش لەلایەن دەستووری عێراقەوە پشتگیری لێدەکرێت یان پارێزگاری بەو هەرێمەی ئێستای بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی یان هەموو هێزەکانی ئەمەریکا عێراق بەجێدەهێڵن. ئینجا ئەم کشانەوەی ئەمەریکا دەکەوێتە پێش تەواوبوونی خولی سەرۆکایەتی بوش و هاتنی سەرۆکی نوێ، یان دواتر، بەڵام ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو دەدات.

لەم حاڵەتەدا کوردستان ڕووبەڕووی چوار سەرچاوەی هەڕەشە دەبێتەوە، سێیان لەم هەڕەشانە ئاساییین. کە هەڕەشەی هەر سێ حکومەتی عێراق، تورکیا، ئێرانە، بەڵام چوارەمیان ئەگەری گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەرامبەر هەرێمەکە.. لەم باسەدا بە جیا باسی هەر یەکەیان دەکەم..

**ئەو هەڕەشانە ڕووبەڕووی کوردستان دەبنەوە:**
**یەکەم/ عێراق**

**ئەگەر کورد بە ڕەسمی بڕیاری سەربەخۆی بدات، ئەوا گەرەنتی پاراستنی ئەمەریکا بۆ کوردستانی عێراق کۆتایی دێت**



هەڕەشەی عێراق بۆ سەر کوردستان لە قۆناغی ئێستادا زۆر زەق نییە، شیعە تەقلیدییەکان و سەرکردە سیاسییەکانیشیان بێجگە لەوەی حەزیان بە مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد نییە، لە هەمانکاتدا ترسیان لەوەش هەیە کە ئەم شەڕەیان لەگەڵ سوننە ببێتە هۆکاری زیاتر بەهێزبوونی کورد.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەهاری ٢٠٠٥ ئیئتلافی شیعە کە هێزی سیاسی باڵادەست بوو لە عێراقدا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی لایەنی شیعە بتوانێت باڵادەستی خۆی لە حکومەتی ناوەندی بەغدا بپارێزێت، ئەوا پێویستە هاریکاری کورد بە دەست بهێنێت، ئەمەش بەو مانایە دەبێ باجی ئەم هاوکارییە بە کورد بدەن، زۆر گرنگە کە خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەناو دەستووری عێراقیدا نووسرایەوە، شیعە بە دوو دڵییەوە ئەم هەنگاوەیان هەڵگرت، بەڵام چاریشیان نەبوو. لەو کاتەوە بۆچوونی شیعە لەسەر ئەم مەسەلەیە جیاواز و هەمە لایەنە.

لە کاتێکدا ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و زۆربەی زۆری هاوبەندی شیعە، یاسای هەرێمەکانیان "بۆ باشوور زیاتر لە باکوور" لاپەسەند بوو، یان لانی کەم بۆ پشتگیری چەمکەکە، بەڵام موقتەدا سەدر و لایەنگیرانی تا ئەوپەڕی دژی وەستانەوە و کاتێک ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەرێمەکانی خستە دەنگدانەوە لە ٢٠٠٦/١٠/ ١١ بۆ دەسەڵاتداران بە هەرێمەکان بە مەرجی دواخستنی ١٨ مانگ، سەدرییەکان چوونە پاڵ سونەکان و دەنگیان بۆ نەدا، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە پێش ئەوە ڕیفراندۆم لەسەر هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ، گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی شیعەکان دروست بووە.

**دوو فاکتەری کاریگەر لەسەر ڕەفتاری شیعە هەیە:**

**یەکەمیان: دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی**

**دووەمیان: ڕەفتاری کورد**

شیعە حەز دەکەن حکومەتی ناوەندی هەژموون و باڵادەستی شیعەی هەر تیادا بمێنێ. بەڵام لاواز بێت، هەتا ئەگەر پێشنیاری "حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتووش" بکرێت و لەناو ئەو حکوومەتەدا پارتە سەرەکییەکانی سوننەی تێدا بێ، بەڵام سەدرییەکانی تێدا نەبێت.

– ناکۆکی و دڵەڕاوکێ نێوان کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە ئاستێکی بەرزدا دەمێنێتەوە، شەڕی ناوخۆی نێوانیشیان لە ناوچانەی شیعە زۆرینەیە و سونە کەمینەیە و بە پێچەوانەشەوە دەگاتە ئاستی پاکتاوی مەزهەبی، بەم دواییە هێزەکانی شیعە هەوڵیانداوە کە لە ناوچەکانی باکووری بەغدا تەنیا هێزەکانی شیعە کۆنترۆڵی بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانن گەڕەکە شیعە نشینەکان لە سوننە نشینەکان جیا بکەنەوە.

**دیفتاکتۆی دابەشبوونی شیعەستان، سونەستان، کوردستان**

سەرەنجام ئەم دابەشبوونە دەبێ لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دانی پێدابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە تەنیا کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی پێدەکرێت کە شیعە تیایدا باڵادەست دەبێت. ئەمەش تەنگژەیەکی ڕاستەقینە لەنێو کۆمەڵگەی شیعیدا دروست دەکات، سیاسەتی سەرەکی لێرەدا دەبێتە "شیعەستان" ئەم شیعەستانە بەردەوام لەبەردەم ئەو چوار پارێزگایە عەرەبی سوننە "سونەستان" دەبێت، هەربۆیە هەتا ئەو کاتەی پاکتاوی مەزهەبی نێوانیان دەگاتە ئەوپەڕی شەڕی نێوان سونە و شیعە هەر بەردوام دەبێت.

لەم بارودۆخەدا هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان نابێتە مەسەلەیەکی گرنگ لە سیاسەتی شیعەکاندا، بەڵام ئەوەش مەترسییە، کاتێک شیعە کۆنترۆڵی ٩ پارێزگای باشوور هەروەها بەشی زۆر یان هەموو



